## لافیتەی دوای هیجرەت ... عومەر کەریم بەرزنجی

پێشکەشە بە پەپولەی رۆحی شەیدای شاملو

ئیدی بە بێدەنگی دەدوێی
بە بێدەنگی
لەسەر لافیتەیەکی رەش
دواین شیعر
دواین نامەی
سەفەری خۆت و ئەو کۆترە سپیانە
بۆ نیگای پڕ لە ئەفسوونی کچێکی مەست
دەنوسیەوە !!!
دنیایەکی سەیرە گوڵم
بە دەریایەکی خەراباتا رەت دەبی
نایەیتەوە حزوری ئەو پەپولانەی
بە ئاونگی گوڵی حوزنت تاسەیان دەشکاند
" تەم سەرتاسەری بیابانی تەنیوەتەوە "
تۆ دەرۆی و ئەو تەمانە نارەونەوە
چیدی لەسەر پەلکی نێرگسێك
دوو کەناری رازی عەشق ناگۆڕنەوە
پەپولەی رۆحی شاعیرێك،
بێسرەوتانە هەڵئەفڕی
لەو غوبارەدا. . . .
شکۆفەی ئەوینێك ئەوەری
تریفەی مانگ
لەو ئاوێنە درزبردووەی قەدەرەدا
تارمایی خەونێکە، کوژراو
شاملۆ، ئەی پەرەسێلکەی شیعر
ئیدی بەچرپەوە دەدوێی، بە بێدەنگی
کی وەك تۆ
ئەسپی سەرچڵی شیعرێك رامدەکاو
دەچرێنی لغاوی خەونی ئەسپەشی
دەنگی دی، لە چرپەی تۆ دەچی
مامزی خەونێکەو
لەژێر درەختێکی قژ کەسکی شیعرێکی ئاویەردا
سەرخەوی دەشکێنی
کەژاوەی دواسەفەر بەرێکە
دەبینم لە نێوان تابوت و گۆڕێکدا
پەرەسێلکەیەکی کۆچەریت
راڤەی دوا سەفەرت، بۆ ئەو نەورەسانە دەکەیت

وەرزی هیجرانە ئەی یار، وەرزی چاو لێك نانی گوڵە بەرۆژەیەکە
لە بەردەم زەردەپەڕی هاویندا
زێوانێك بەدیار هەڵوەرینی گوڵەکانەوە
دواین شیعر، دوا ئایەتی خۆشەویستی
بۆ ئەو کەناریانە دەخوێنێتەوە
هیجرەت ژێیەکانی گەروی ئەنفال کردن
ئیدی بە بێدەنگی دەدوێی
چیدی، بە چاویلکەی خەونێکەوە
نایەیتەوە.
لە نسێی بەژنی زراڤی کیژێکی تاراندا
دوا نامەی عاشقێك
دوا پەیڤی بی ئەدرەس
بۆ ئەو گوڵانە راڤە کەیت
وەرزی هیجرانە ئەی یار
وەرزی ماڵ ئاوایی
ئەی ناخودای نوقوم بووی دەریای مردوو
بە سانایی لە سەر گۆنای گێلاسێك
ئەفسانەی ماچ نانووسرێتەوە.
ئەو دێرانەی ناو کەوانەکە شیعری شاملووە.

2000/7/31